رۆژی جیهانیی ئافرەتان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

# بەشێک لە خانمانیماڵەوەش شارەزاییان لە سەری نییە

مێژووی لەدایکبوونی ٨ی مارس و دەستنیشانکردنی رۆژی جیهانیی ئافرەت، بەردی بناغەی ریفۆرمێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دانا و دەروازەیەکیشی بە رووی دەستەبەرکردنی مافەکانی رەگەزی مێدا کردەوە، دوابەدوای ئەوەش خەبات و قوربانیدانی ژنان لە گۆرەپانی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزیدا سەرلەبەری جیهانی گرتەوە و لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا پێگەی ئافرەتی بەهێزتر کرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە ئافرەتانی نەخوێندەوار و ژنانی ماڵەوە لە ئاستی جیهاندا (بە کوردستانیشەوە) تا ئێستاش ئەو رۆژە مێژووییە لە لایان نامۆیە و هیچ شارەزاییەکیان لە سەری نییە. ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەو پرسە ئامادە کراوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دەستنیشانکردنی رۆژی ٨ی مارس وەکو رۆژی جیهانی ئافرەتان، دەگەڕێتەوە بۆ خۆپیشاندانە گەورەکەی ئافرەتانی کرێکاری کارخانەیەکی رستن و چنین لە (نیویۆرک)ی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی بەمەبەستی زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی ماوەی سەعاتێك خۆپیشاندانێکیان وەڕێخست و هاوکات بە هۆی هێرشی هێزەکانی پۆلیس بەشێک لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە کوژران و بریندار بوون.

خەباتی ژنانی کارخانەی رستن و چنین لە ئەمریکا وەکو رووداوێکی مێژوویی و گرینگ لە مێژووی خەباتی مافخوازانەی ئافرەتان بەگشتی و خانمانی ئازادیخواز بەتایبەتی رەنگی داوەتەوە. دوای ئەو رووداوە لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە شاری (کۆپینهاگن)ی دانیمارک دووەمین کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالست بەڕێوەچوو، کە لەوێ (کلارا زتکین) یەکێک لە رێبەرانی ناسراوی حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا لەسەر دیاریکردنی رۆژی جیهانی ئافرەتان دواو پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەکو رۆژی جیهانی ئافرەت بناسرێت. ئەگەرچی ئافرەتانی نەمسا پێشتر رۆژی ١ی مانگی مەی و ئافرەتانی (ئەڵمانیا)ش رۆژی ١٩ی (مارس) یان پێشنیار کردبوو، ئافرەتانی (ڕووسیا)ش لە ئاخرین یەک شەممەی مانگی فێبریوەری ١٩١٧ی زایینی بە دروشمی (ئاشتی و ئافرەت) دەستیان دایە مانگرتن، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە رێبەرانی سیاسیی ئەوکاتی رووسیا ئەو مانگرتنەیان بە ناڕەوا دەزانی، بەڵام ئافرەتان سوور بوون لەسەر مانگرتن داواکارییەکانی خۆیان و دوای چوار رۆژ دەوڵەتی تزار ناچار بوو واز لەدەسەڵات بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە کلارا زتکین بۆ جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی دوای ١١ ساڵ دیسان پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەک رۆژی جیهانی ئافرەتان دیاری بکرێ، پێشنیارەکەشی پەسند کرا و ئەم رۆژە وەک رۆژی ئافرەتان لە مێژوودا دیاری کرا.

٨ی مارس هەم وەبیر هێنانەوەی خەباتی قارەمانانەی ئافرەتانی کارخانەی رستن و چنینی (نیویۆرک)ـە، هەم رۆژی بزاڤی ئافرەتانی کرێکاری (پیترۆس بۆرگ)ـە دژ بە حکومەتی رووسیای تزار، کە بە بنەمای خەباتی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزی دادەنرێ. ئەگەرچی تا هەنووکەش رێوڕەسمەکانی ئەم بۆنەیە لە زۆرێک لە وڵاتان قەدەغەیە، بەڵام ئافرەتانی چالاك و خەباتکار کۆڵیان نەداوە و بۆ هێنانەدی ئاواتەکانیان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامن، لە هەرێمی کوردستانیش زۆر بە بایەخەوە یادی ئەم رۆژە جیهانییەی ئافرەتان دەکرێتەوە، بەڵام زۆرێک لە ئافرەتانی نەخوێندەوار و ژنانی ماڵەوە تا ئێستاش ئەو رۆژە مێژووییە لە لایان نامۆیە و هیچ شارەزاییەکیان لە سەری نییە.

نەرمین محەمەد -ی تەمەن٤٨ ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی (قەڵاتی نوێ)ی هەولێری پایتەختە و وەک خۆی باسیکرد، دایکی پێنج منداڵە و تەمەنێکی بەڕێ کردووە، بەڵام نازانێت ٨ی مارس، یان ٨ی ئازار چییە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «تا ئێستا شتێکم لە بارەی رۆژی ئافرەتەوە نەبیستووە، بۆیشم گرینگ نەبووە. ئافرەت خۆی مەبەست نییە و هەموو رۆژێکی هەر بۆ خزمەتکردنی ماڵەباوان و مێرد و منداڵەکانیەتی و سەرقاڵی خێزانی خۆیەتی.»

کاتێک پەیامنێری گوڵان لاپەڕەکانی دروستبوونی ئەو رۆژە جیهانییەی بۆ هەڵدەداتەوە و وردەکاریی زیاتری بۆ شی دەکاتەوە، دەڵێت: «ئەوە شتێکی باشە کە لە هەموو وڵاتانی دونیا و کوردستانی خۆشمان لە مەینەتیی ئێمەی ئافرەت دەزانن و هەوڵ دەدەن رێزمان بگرن».

**٨ی مارس کولانەوەی برینەکان و وەبیرهێنانەوەی مرۆڤایەتییە بە دەستەوەستانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان بەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت**

فاتیمە وەلی، تەمەنی لە ٧٠ ساڵ تێپەڕیوە و باسی ئەوە دەکات بە درێژایی تەمەنی خۆی نەیبیستووە شتێک بە ناوی رۆژی جیهانیی ئافرەت بوونی هەبێت. ئەو ئافرەتە باساڵاچووە یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتەی کە بەو رۆژە گرینگە ئاشنا نین، رای خۆیشی لە بارەی رۆژی جیهانی ئافرەتانەوە بەمجۆرە دەردەبڕێت: «کورد لە کۆنەوە رێزی لە ئافرەت گرتووە و چ پێویستی بەم کەین و بەینە نییە، راستە هەندێ ئافرەت غەدریان لێ دەکرێت، بەڵام کورد لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر حورمەتی ئافرەتی گرتووە.» گوتیشی: «ئێستا دنیا گۆڕاوە، ئافرەت و پیاو پێکەوە لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن و منداڵی خۆیان بە جوانی بەخێو دەکەن، کەس نازانێ کێ گەورەی ماڵە و هەردووکیان وەک یەک ماندوون. تەنیا کوڕێکم هەیە و لەگەڵ ژنەکەی هەردووکیان فەرمانبەرن و پێکەوە ئەوەی لە دەستیان بێت بۆ خێزانەکەمان درێخی ناکەن. رۆژی ئافرەت و رۆژی پیاو باوی نەماوە، ئێستا هەردووکیان لە هەموو ئەرکێک هاوبەشن».

**کێشەی ئافرەت و پێشێلکارییەکانی بەرامبەری، گەورەترن لەوەی بە یادکردنەوەیەک و چەند رۆژێک هەڵوەستەکردن لەسەر چەند چالاکییەک چارەسەر بکرێ**

رێزان سابیر کە دەرچووی زانکۆیە و هاوسەرەکەشی پزیشکە، رای جیاواز هەیە و دەڵێت: «هەموو ساڵێك بە هاتنی رۆژی ٨ی مارس باس و پرسی مافەکانی ئافرەت بۆ ماوەیەکی کورتی چەند رۆژە گەرموگوڕ دەبێت و دواتر لەبەردەم نەریتەکانی پیاوسالاریدا چۆك دادەدات و ئافرەت دیسان پەراوێز دەخرێتەوە، بۆیە بە هاتنی ٨ی مارس نابێت تەنیا وەك بۆنەیەك بۆ ئاهەنگگێڕان لێی بڕوانین و پێویستە ئەو رۆژە هانمان بدات کە بیکەینە دەستپێکی خەباتێکی بەردەوام بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و پێویستە ببین بە دەنگی ئەو ئافرەتانەی کە ناتوانن دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە.» گوتیشی: «پێویستە ژنانی ئەنفال و دایك و خوشکی شەهیدان بەسەر بکەینەوە، دەبێت ئافرەتانی گوندە دوورەدەستەکان بە مافی رەوای خۆیان ئاشنا بکەین و فشار بخەینە سەر پەرلەمانی کوردستان کە بە یاسای توند رووبەڕووی ئەو کەسانە ببینەوە کە مافەکانی ئافرەتیان زەوت کردووە.

**رۆژی ٨ی مارس رۆژی بەرگریی و تەحەددای ئافرەتانە لە بەرەورووبوونەوەی سیستمی باوکسالاری کە تێیدا ژن وەک پلەیەکی خوارتر لە نێرینە تەماشای دەکرێت**

**پێویستە ڕێکخراوەکانی ژنان و هەموو یەکسانیخوازان بە هەر دوو ڕەگەزەوە لە کوردستان دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و بیکەنە بزووتنەوەیەکی کارا کە ڕۆڵی لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات هەبێت**

**ئافرەت نیوەی کومەڵگەیەو دایکی نیوەکەی دیکەشیەتی و بە بێ بەشداری ئافرەت هیچ کۆمەڵگەیەک پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت**

**دەبێت ئافرەتانی گوندە دوورەدەستەکان بە مافی ڕەوای خۆیان ئاشنا بکەین و فشار بخەینە سەر پەرلەمانی کوردستان کە بە یاسای توند ڕووبەڕووی ئەو کەسانە ببینەوە کە مافەکانی ئافرەتیان زەوت کردووە**



لەیلا فەرهاد، تا قۆناخی ناوەندی خوێندوویەتی و کچی ماڵەوەیە، وەک خۆی باسیکرد، لەبەر چەند هۆکارێک وازی لە خوێندن هێناوە، بەڵام بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوەیە و سەبارەی بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتانیش دەڵێت: «جێگەی خۆشحاڵییە کە ئافرەتی کورد لە زۆر ڕووەوە توانیویەتی بەسەر زۆر کۆسپ و تەگەرەدا سەربکەوێت و بوونی خوی بسەلمێنێت. بێگومان ئافرەت نیوەی کومەڵگەیەو دایکی نیوەکەی دیکەشیەتی و بە بێ بەشداری ئافرەت هیچ کۆمەڵگەیەك پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت، بۆیە دەبێت هەموو مافەکانی دەستەبەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە هێشتا کومەڵگەی جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگەی نەریتی بەتایبەتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە پلەی مرۆڤایەتیی ئافرەتان بەرجەستە بکات. بۆیە تائێستاش تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی و ستەمکاری دەبێتەوە.» گوتیشی: «پێویستە ئافرەتانی کوردستان ئەزموون و هەوڵەکانیان بخەنەسەر یەك و دەست لە ناو دەست لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومی و ناحکوومی و پەرلەمانی و یاسادانەر بۆ نەهێشتنی جیاوازی کار بکەن».

تریفە ئەحمەد چالاکی بواری ئافرەتان لە بەریتانیا، رایوایە «ڕۆژی ٨ی مارس نیشانەی سەرهەڵدانی خەباتی ژنان و ڕووبەڕووبوونەوەی ناعەدالەتی و بێمافی و بە کاڵا سەیرکردنی ئافرەتانە.» بۆیە بە پێویستی دەزانێت «هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو دەبێت خەباتێکی بێوچان بکەن، بەتایبەتی ژنان دەبێت بە یەکدەنگی و یەکڕیزی ڕووبەڕووی ئەو بێمافی و نایەکسانی و پلە دووییە ببنەوە کە بازاڕی بیڕەحمی پارەو سەرمایەدا هەوڵی بە کاڵاکردنی ئافرەتان دەدات.

لە لای خۆیەوە نووسەر و ڕۆژنامەوان سەرفراز نەقشبەندی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ژنانی دنیا نەك تەنیا لە ڕۆژی ٨ی مارس، بەڵکو بە بەردەوامی و زۆر لێبڕاوانە بۆ ئازادی و یەکسانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان خەباتیان کردووە، بەڵام لە کوردستان ژنان چ شۆڕشێکی وایان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەست پێ نەکردووە، دیارە ئەوەش وایکردووە لە واری سیاسیشدا لە پاش بمێنن.» گوتیشی: «تا ئێستاش لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ئەگەر هەندێك ڕۆژنامەوان بخوازن ڕووماڵی پرسێکی سیاسی بکەن و نیازیان وابێ پرسیارەکان ئاراستەی ژنان بکەن، بەگومانن لەوەی کە ژن ئەو سەکۆیە بێت کە بتوانێ ڕۆژەڤی سیاسی بکات. قووڵایی کێشەکەش بۆ بناغەی حزبی دەگەڕێتەوە، چونکە حزبەکانی ئێمە حزبی نێرن، واتە چاوی بزاڤی ئێمە نێرە، بۆیە لە قۆناغی باوکسالاریدا ماوین و هەنگاوێك بۆ پێش و دوو هەنگاو بۆ پاش دەڕۆین».

یاساناس کوردۆ عەبدولڕەحمان سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی بەرگریی و تەحەددای ئافرەتانە لە بەرەوڕووبوونەوەی سیستمی باوکسالاری کە تێیدا ژن وەك پلەیەکی خوارتر لە نێرینە تەماشای دەکرێت. بە رای من دەستنیشانکردنی ڕۆژی جیهانی ژنان، خۆی لە خۆیدا ڕەهەندێکی سیمبۆلیکی هەیە، ئەگەرنا لەم ڕۆژەدا و لە ڕۆژەکانی دیکەشدا چەوساندنەوەی ژنان هەر درێژەی هەبووە و بازووی پیاوسالاریی بەهێزتر کردووە. بۆیە پێویستە ڕێکخراوەکانی ژنان و هەموو یەکسانیخوازان بە هەر دوو ڕەگەزەوە لە کوردستان دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و بیکەنە بزووتنەوەیەکی کارا کە ڕۆڵی لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات هەبێت».

عەبدولخالق ئیبراهیم مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «کێشەی ئافرەت و پێشێلکارییەکانی بەرامبەری، گەورەترن لەوەی بە یادکردنەوەیەك و چەند ڕۆژێك هەڵوەستەکردن لەسەر چەند چالاکییەك چارەسەر بکرێ، بۆیە دەکرێت بڵێین: ٨ی مارس کولانەوەی برینەکان و وەبیرهێنانەوەی مرۆڤایەتییە بە دەستەوەستانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان بەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت.» هاوکات دەڵێت: «پێموایە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت بەر لە هەموو شتێك بە گۆڕینی کەلتوور و دیدگای بەرامبەر بە خودی ئەو کائینە دەکرێت و چاکسازی و پێداچوونەوە لە تەواوی دامودەزگا و یاسا و ئەو هەموو ڕێنماییانەی پێویستە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەك جێبەجێ دەکرێت». گوتیشی: «ئێمە پێویستیمان بە سیستەم و هەڵمەتێکی بەرفراوانی نیشتمانییە کە وەک نەخشەڕێگەیەك و بەرنامە دارێژراوی مەودا دوور بگاتە قووڵایی کۆمەڵگە و تاك بە تاکی هاووڵاتی، تاوەکو بتوانین سەر لەنوێ تێڕوانین و دیدگای تاکەکانی کۆمەڵگە بگۆڕین بۆ ئەوەی وەکو مرۆڤ سەیری ئافرەت بکرێت».

# هاووڵاتیان بە گەرمی پێشوازی لە رۆژی جلی کوردی دەکەن

نزیکبوونەوەی نەورۆز و هاتنی وەرزی بەهار، وادەکات رەنگاوڕەنگیی سرووشتی کوردستان و جوانیی جلی کوردی ئاوێتەی یەکتر ببن. بۆیە لە دوای ئەوەی کە رۆژی ١٠ی مانگی ئاداری هەموو ساڵێک، وەک رۆژی جلی کوردی دەستنیشان کراوە، زۆربەی هاووڵاتیان بە گەرمی پێشوازی لەو رۆژە دەکەن و جلوبەرگی نوێی کوردی بۆ خۆیان دابین دەکەن و لەو رۆژەدا تەنانەت لە شوێنی کار و دەوامیی فەرمیدا جلوبەرگی کوردی دەپۆشن، ئەمساڵیش سەرەڕای قەیرانی ئابووری و کەمبوونی داهاتی خێزانەکان، بە گەرمی پێشوازی لە رۆژی جلی کوردی دەکرێت، هاووڵاتییەک جەخت لەوە دەکاتەوە کە قەیرانی ئابووری تێدەپەڕێ و ئەو هێزەی نییە کورد لە کەلتوور و شوناسی نەتەوەیی خۆی دابڕێت، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە بارەی رۆژی جلی کوردی را وسەرنجی خۆیان دەردەبڕن.



**ئەوەی کە رۆژێک وەک رۆژی جلی کوردی دەستنیشان کراوە، کارێکی شیاو و شایستەیە و پێویستە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکەمان هەمیشە ئەم بۆنەیە زیندوو بکەینەوە**

**هەر میللەتێکی زیندووی دونیا گرنگییەکی زۆر تایبەتیی بە کەلتووری نەتەوە و وڵاتەکەی خۆی داوە، بۆ ئەوەی نەوە لە دوای نەوە بەو کەلتوورە ئاشنا بن**

**چەندین جار لەسەر جلەکانمان و لەسەر بوونمان وەک گەلی کورد، چەوساوینەتەوە و زیندەبەچاڵ کراوین، بۆیە دەبێ وەک چیاکان راوەستین و بیسەلمێنین کە گەلێکین جلەوی خۆمان بە دەست هیچ ناحەزێکەوە نادەین**

هەرچەندە جلی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە و تا رادەیەک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە شێوازەکەی دەگۆڕێت و مۆدەی نوێیان پێ زیاد کراوە، بەڵام مۆرکی رەسەنی خۆی ون نەکردووە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی یاد و بۆنەکانی ئادار و نەورۆزیش زۆربەی هاووڵاتیان دەیانەوێ بە پۆشینی جلی کوردییەوە دەربکەون. بەتایبەتی کە رۆژی ١٠ی مانگی ئاداری هەموو ساڵێک، وەك رۆژی جلی کوردی دەستنیشان کراوە، بۆیە بایەخێکی زۆر بەو رۆژە دەدەن.

نەریمان عوسمان، دانیشتووی هەولێرە و کاری دروومانی جلوبەرگی کوردی دەکات، لە بارەی رۆژی جلی کوردیش دەڵێت: «خەڵکێکی زۆر روویان لە دوورینی جلوبەرگی کوردی بۆ رۆژی جلی کوردی کردووە، هاووڵاتی هەیە جلی خۆی هێناوە و داوای ئەوە دەکات بۆ منداڵەکەی بچووکی بکەینەوە، چونکە داهات و مووچەی خەڵک زۆر کەم بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش گرنگییەکی تەواو بە رۆژی جلی کوردی و پێشوازی لە نەورۆز دەدەن».

دلۆڤان ئەحمەد، دووکانی کوتاڵفرۆشی هەیە و باسی ئەوە دەکات کە فرۆشی ئەمساڵی بە بەراورد بە ساڵی رابردوو کەمی کردووە. دلۆڤان یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە بە بایەخەوە سەیری شوناس و کەلتووری کوردی دەکەن، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەڕاستی کورد یەکێکە لەو نەتەوە دلێرانە کە سەرەڕای ئەوەی هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی خۆی و زمان و جلوبەرگی دراوە، بەڵام هەموو هێماکانی نەتەوەیی خۆی پاراستووە».

سەربەست محەمەد گەنجێکی خەڵکی کەرکووکە و لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لەگەڵ خانەوادەی هاتووەتە هەولێر و لە گەڕەکی سەری بڵند نیشتەجێ بوون. ئەو گەنجە دوای ئەوەی نەفرەت لە هۆکارەکانی ئاوارەبوون و جێهێشتنی زێدی خۆی دەکات، بە دڵێکی خەمبارەوە دەڵێت: «بۆ کەرکووکییەکان هەموو رۆژێک رۆژی جلی کوردییە، کوردی ئەو شارەش دەیان جار لە سەر کوردایەتی دەربەدەر کراون، غەدری ئەمجارەش هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، چونکە لەسەر دەستی کوردی خۆمان ئاوارە بووینەوە.» گوتیشی: «ئاوارەیی و قەیرانی ئابووری تێدەپەڕێ و هیچ هێزێک نییە بتوانێ کورد لە کەلتوور و شوناسی نەتەوەیی خۆی داببڕێت».

رەجەب حاجی رەجەب کادیری پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پۆشینی جلی کوردی و دەستنیشانکردنی رۆژێك بۆ جلی کوردی تاچەند خزمەت بە دۆزی نەتەوەییمان دەکات؟ دەڵێت: «کەلتوور و کەلەپوور و زمان، سێ بابەتی هەرە بەرچاوی هەر نەتەوەیەکن، کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە زور دەوڵەمەندە لەم بوارەدا، جلی کوردیش یەکێك لە نیشانەکانی رەسەنییەتی نەتەوەی کوردە کە جورەها لیباسی جوانی پیاوانە و خانمانەی تێدایە لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە هەر کامەیان جوانیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.» گوتیشی: «زۆر جار خەڵکانێك کە بۆ گەشتوگوزار روو لە کوردستان دەکەن، جلی کوردی لەبەر دەکەن و وێنەی



گوڵان: کۆمەڵایەتی

یادگاری پێ دەگرن، هەروەها جێگای خوشحاڵییە کە وەفدە دیپلوماسی و سیاسییەکان زۆر جار کە سەردانی کوردستان دەکەن، شانازی بە کەلتووری کوردەوە دەکەن و تەنانەت هەندێکیان جلی کوردی لەبەر دەکەن».

ڕەجەب حاجی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «زۆر گرنگە پۆشینی جلی کوردی ڕۆژێکی تایبەتی بۆ دەستنیشان کراوە.» هاوکات دەڵێت: «بۆ ئەوەی هەرگیز ڕەسەنییەتی خۆمان فەرامۆش نەکەین، دەتوانین لانیکەم لە ساڵێکدا ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بووە، جلی ڕەسەنی خۆمان لەبەر بکەین و کەلتووری خۆمان زیندوو ڕابگرین.» گوتیشی: «جلوبەرگی کوردی وەک زمانی کوردی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەییمانەو پێویستە لە پۆشینی جلی ڕەسەنی خۆمان بەردەوام بین و هەرگیز لە بیری نەکەین، منیش شانازی بە کوردبوونی خوم و جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەواری دەکەم».

پاوان کۆیی، توێژەری دەروونییە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «پۆشینی جلوبەرگی کوردی هەستی نەتەوەیی و بیری خۆشەویستیی نیشتمان و گەلەکەمان زیاتر دەکات.» هاوکات دەڵێت: «هەموو گەلێك بە کەلتوور و فەرهەنگ و زمانیەوە دەناسرێت و لە گەل و نەتەوەیەکی دی جیا دەکرێتەوە، ئێمەش گەلێکین کە پێویستە لەسەر هەموو تاکێکمان کەلتوور و جلەکانمان بپارێزین، بەتایبەتی کە کۆنترین گەلین، جلەکانمان لە باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و هەتا ئێستا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵە پاراستوومانە، ئیمەش گەلێکین چەندین جار لەسەر جلەکانمان و لەسەر بوونمان وەك گەلی کورد، چەوساوینەتەوە و زیندەبەچاڵ کراوین، بۆیە دەبێ وەك چیاکان ڕاوەستین و بیسەلمێنین کە گەلێکین جلەوی خۆمان نادەین بە دەست هیچ ناحەزێکەوە و شانازی بە کەلتووری خۆمانەوە دەکەین».

عیزەدین شەمسەدین، بەرپرسی (ڕێکخراوی دارەتوو)ە و باسی ئەوە دەکات کە «هەر میللەتێکی زیندووی دنیا گرنگییەکی زۆر تایبەتیی بە کەلتووری نەتەوە و وڵاتەکەی خۆی داوە، بۆ ئەوەی نەوە لە دوای نەوە بەو کەلتوورە ئاشنا بن، میللەتی کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی کە کەلتوورێکی دەوڵەمەندی هەیە و لە هەر ناوچەیەکی کوردستانیشدا جلوبەرگی تایبەت بە خۆی لەبەر دەکرێت و زۆر جار بە سەیرکردنی جلەکە دەزانرێت کە خەڵکی چ دەڤەرێکە».

جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەوەی ڕۆژێك وەک ڕۆژی جلی کوردی دەستنیشان کراوە، کارێکی شیاو و شایستەیە و پێویستە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکەمان هەمیشە ئەم بۆنەیە زیندوو بکەینەوە». گوتیشی: «زۆر بەداخەوە پۆشینی جلی کوردی زۆر کەم بووە و ئێستا تەنیا لە بۆنە و یادەکان لەبەر دەکرێت، ئەوەش شتێکی باش نییە و هەق وایە هەوڵ بدەین، نەك تەنیا بۆ ڕۆژێک، بەڵکوو هەمیشە جلی کوردی بپۆشین، بەوەش خزمەتی کەلتووری خۆمان دەکەین و دەتوانین زیاتر بیپارێزین».

**پێویستە لەسەر هەموو تاکێکمان کەلتوور و جلەکانمان بپارێزین، بەتایبەتی کە کۆنترین گەلین، جلەکانمان لە باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و هەتا ئێستا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵە پارا**

**جلوبەرگی کوردی وەک زمانی کوردی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەییمانەو پێویستە لە پۆشینی جلی ڕەسەنی خۆمان بەردەوام بین و هەرگیز لە بیری نەکەین**

